# فێمێنیزم

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٥/١٢/١٤

پێشەکی:
مانگی حەوتی ٢٠٠٥ لە وەرگێڕانی کتێبی "ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت"[1] کە لە سوێدیەوە وەرمگێڕاوەتە سەر کوردی بوومەوە و هەر لەو کاتەوە لە کوردستان چاوەڕوانی چاپ کردنە.
ئەو کتێبە سەرەتایەکە بۆ تیئۆری فێمێنیستی و بە کورتیی لەسەر مۆدێلەکانی جنسبینی و جێندەر و دەستەڵات دەدوێت.
ئەم بابەتەم لە کۆنفرانسی "مەستوورەی کوردستانیی" لە هەولێر (٧–١٢/٩– ٢٠٠٥) وەك سیمینارێك هەم وەك باسکردنی "ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت" و هەم وەك بیری فێمێنیزم بە کورتیی بە کورتیی، پێش کەش کرد. لەسەر داوای هاوڕێیانێکی بەئەژمارد وا بڵاوی دەکەمەوە. هەموو خەت بەژێرداهێنانەکان هی منن. داوا دەکەم کە بە بێ ئاماژەی دروست بەم سەرچاوەیە نووسینەکە هەر لە خۆوە بەکار نەهێنرێت.

فێمێنیزم چییە؟
فێمێنیزم بە دوو شێوە دەبینرێت. یەکەمیان شێوەیەکی هەڵە تێگەیشتنە لە فێمێنیزم و لەم شێوەیەدا قسەی ناشیرین و نابەجێ و ناڕەوا بەرانبەر بە فێمێنیزم و فێمێنیستان دەکرێت. خاوەنانی ئەم بیرە بە زۆریی کەسانێکن کە نەك هەر هەڵە لە بیرەکە تێگەیشتوون، بەڵکو هەروەها لە ئاستی تیئۆریی و سیاسیی و زانستەکانی دیکەشدا زۆر لە خوارەوەن. لەبەرئەوەی باسەکە سەبارەت بەم شێوەیە نییە من بە پێویستی نازانم لەوە زیاتر درێژی بکەمەوە.
شێوەی دووهەمیان بینینی بیری فێمێنیزمە وەك تیئۆرییەکی ئازادیخوازانە و بەرابەریخواز کە لێرەدا بە کورتی لێی دەدوێم.
لە "ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت" دا ماریا و سیسلیا[2] دەڵێن لە ڕێگای تیئۆری مۆدێرنی فێمێنیستییەوە "سیاسەت دەخەینە ناوەندی ڕامانەوە و بەردی بناخەی ئەم خوێندنەوەیەشمان پێوەندی نێوان دەستەڵات و جنسە". ئینجا بەردەوام دەبن کە تێکستەکەیان دوو مەبەستی هەیە:

١. نیشانی بدەن کە فێمینیزم و تیئۆری سیاسی کلاسیکیی چ جۆرە پێوەندیەکیان پێکەوە هەیە.
٢. کە جێی خۆیەتی فێمێنیزم وەک پرۆژەیەکی تیئۆریی ببینرێت کە تیایدا پرسیارگەل و گرفتی زانستیی بە تەواوی لە ناو خۆیەوە سەرچاوە دەگرن.

بەڵام ئەوانە کە لە بیری فێمێنیزمدا قووڵ بوونەتەوە دەزانن کە فێمێنیزم بیر یان چەمکێکی هۆمۆژن نییە، بەڵکو کۆمەڵێک بیر و بۆچوون و ڕووانگەی جودایە و گەلێك شێوەی فێمێنیزم هەیە. دەکرێت پێناسەیەکی گشتیی بۆ فێمێنیزم بکرێت، بەڵام پێناسەی فێمێنیزمەکان مەحاڵە.
بێل هووکس Bell Hooks دەڵێت "گرفتێکی گەورەی گوتاری فێمێنیستی ئەوەیە کە نەمانتوانیووە بگەینە کۆدەنگیەکی (هاوڕاییەکی) ڕووانگەیی سەبارەت بەوەی کە

---

[1] ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت Maria Wendt Höjer, Cecilia Åse Politikens paradoxer
[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٧

فێمێنیزم چییه یان ئەوەی کە ئەو پێناسەگەلانە پەسەند بکەین کە دەشێت بتوانن وەک خاڵگەلێکی یەکخەر سوودیان هەبێت"[3].

جەین فریدمان Jane Freedman دەڵێت "دەتوانین لەو پێداگرتنەوە دەست پێ بکەین کە فێمێنیستەکان سەرنج دەخەنە سەر دۆخی بندەستەیی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا و سەر ئەو هەڵاواردنەی لەبەر جنسەکەیان دووچاری دەبن. بێلەوەش مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە فێمێنیستەکان داوای گۆڕانکاریی لە نیزامە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و کولتووریەکەدا دەکەن، بۆ ئەوەی کە بەرەنگاری ئەم هەڵاواردنە ببنەوە و لە بەردەوامییشدا نەی هێڵن"[4].

ئولـلا مانسUlla Manns دەڵێت "لە وتارەکەمدا فێمێنیزم بە واتا بەربڵاوەکەی بەکار هاتووە، واتا وەک تێکۆشانێک بۆ کۆتایی پێهێنان بە ژێردەستەیی ئافرەتان"[5].

لەبەرئەوەی چەوساندنەوەی سێکسیی ڕەهەندێکی فراوانی لە مەسەلەی ئافرەتاندا هەیە بێل هووکس هەروەها فێمێنیزم بە "بزووتنەوەیەک بۆ کۆتایی پێهێنان بە چەوسانەوەی سێکسیی"[6] دادەنێت.

ماریا و سیسلیا لە درێژایی باسەکەیاندا دەڵێن کە "سەرکانیی فێمێنیزم پرۆژەیەکی سیاسییە کە تیایدا ئافرەتان خۆیان ڕێکخست و داوای دەستەڵات و دەستڕۆیوی زیاتریان کرد. ئەگەرچی فێمێنیزم زیاتر پێشخراوە وا کە تەنانەت ببێت بە پرۆژەیەکی تیئۆری و ئەکادیمیش، بەڵام ئەو پێوەندییەی کە لە سەرەتاوە لە نێوان تیئۆری و پراکتیکی سیاسییدا هەبوو هەر ڕاگیردراوە. تەنانەت لەو پەڕی ئاستی تیئۆریی خۆیدا ئامانجی فێمێنیزم ئەوەیە کە پیاوسالاریی هەم وەک بیر و هەم وەک نیزام بگۆڕێت. لەم پێوەندیەدا بیریاری فێمێنیستی ماری هاوکسۆرت Mary Hawkesworth دەنووسێت کە "تیئۆری فێمێنیستی بە شێوەیەکی پتەو گرێدراوی پرۆژەیەکە کە ئامانجی گۆڕینی نیزامی پیاوسالارانەی کۆمەڵگایە"[7].

میریەم کۆك Miriam Cooke لە کتێبی "ئافرەتان دەست بەسەر ئیسلامدا دەگرن Women Claim islam' دەنووسێت "من وشەی "فێمێنیزم" بۆ ئاماژەکردن بە ئافرەتانێك بەکار دەهێنم کە بیر دەکەنەوە لە و کارێك دەکەن بۆ گۆڕینی هەلومەرجی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیارێتیی" ... "دەمەوێت ئەو وشەیە وەك خۆی بهێڵمەوە چونکە بڕوام بە هێزی ناو هەیە، و فێمێنیزمیش ناوێکی بەهێزە و زایەڵەیەکی مێژوویی هەیە"[8].

پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێت "فێمێنیزم زۆر زیاترە لە ئایدۆلۆژیەك کە بزووتنەوەگەلی سیاسیی ڕێکخراو بخاتە گەڕ. فێمێنیزم، لەسەر هەر شتێکەوە، زانستێکە (مەعریفەیەکە). فێمێنیزم ئاکارێکە، چوارچێوەیەکی فکرییە کە تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی جێندەر لە تێگەیشتنی ڕێکخراوەی کۆمەڵگادا. فێمێنیزم ئامرازگەلی توێژینەوە دەخاتە بەردەست بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە چۆن چاوەڕوانیی بۆ هەڵسوکەوتی پیاوان و ئافرەتان بووە بە هۆی پەیدابوونی دۆخی ناڕەواوە، بەتایبەتی بەڵام نەك پێداویستیانە، تەنیا بۆ ژنان. فێمێنیزم هەڵوەدەی دادوەرییە ئیتر لە هەر کوێیەك بیدۆزێتەوە. فێمێنیزم هۆشیاریی سیاسیی و ڕۆشنبیریی دەخاتە کار سەبارەت بە هەڵاواردنی جێندەری، ئەو هەڵسەکەوتە

---

[3] Feminisms, Oxford University Press 1997, Edited by Sandra Kemp and Judith Squires, (Bell Hooks) p. 22.

[4] Feminism, Jane Freedman och Liber AB. Svenska översättning Karin Lindqvist, Wallin & Dalholm Boktryckeri AB, Lund 2003. S. 7.

[5] Än män då? Kön och feminism i Sverige under 150 år. Författerna och bokförlaget Atlas. Scandbook, Smedjebacken 2004. S.26.

[6] Feminisms, Oxford University Press 1997, Edited by Sandra Kemp and Judith Squires, (Bell Hooks) p. 22.

[7] ناكۆكیەكانی ناو سیاسەت ل ٢٠

[8] Women Claim islam, Miriam Cooke 2001 by Routledge. S ix

ڕەت دەکاتەوە کە ئەو هەڵاواردنە دادەسەپێنێت... ئەم پێناسەیەی فێمێنیزم گوزارە لە دۆخی گۆڕانی هۆشیاریی دەکات..."[9].
مەهاباد قەرەداغی لە ٢٠٠٢/١٢/٥ لە کوردستان نێتدا دەنووسێت "فێمێنیزم تەنها فەلسەفەیەکە کە ئەڵتەرناتیڤێکی گونجاو بۆ بیری باوکسالاریی دادەنێت و خوایاری گۆڕینی ستروکتوری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەیە بۆ شێوازێکی مرۆڤانە و دادپەروەرانەی وا کە نرخ و بەهای مرۆڤەکان یەکسان بێ و هەڵاواردنی ڕەگەزیی لە ئارادا نەمێنێت". مهاباد قەرەداغی هەر لەوێدا باسی چەند جۆرێکی فێمێنیزم و پێناسەی فێمێنیزم لە ڕووانگەی مارلین فرێنچ، دروود داڵرۆپ و رۆزالیند دالمار دەکات.

ماریا و سیسلیا دەگەنە ئەو سەرئەنجامە "کەواتە دەتوانین بڵێین کە بیری فێمێنیزم گۆڕینی هەلومەرجگەلی ئافرەتان و کۆتاییهێنانە بە چەوساندنەوەیان"[10].
بەڵام ئایا پیاوان دەتوانن فێمێنیست بن؟
زۆربەی زۆری فێمینیستە جنس مێیەکان پێیان وایە کە پیاوانیش دەتوانن و بۆیان هەیە فێمێنیست بن و کە خەباتی ئازادیخوازانەی ئافرەتان بێ پیاوان ناتوانێت لە درێژخایاندا بەردەوام بێت. بێل هووکس دەنووسێت "بەو شێوەیە فێمێنیست هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خوازیاری نەهێشتنی پلەی نزمی ئافرەتانن لە کۆمەڵگادا. هەروەک توێژەرەوانی دیکە، منیش هیچ هۆیەک نابینم کە دەستەواژەی فێمێنیست تەنیا بۆ ئافرەتان بپارێزم. ڕۆڵی پیاوان هەروەها لە گۆڕەپانی ئەزموونیشدا (ئیمپیریکدا) جێی سەرنجە و گرینگە"[11].
لە ئاکامی خوێندنەوەی تیئۆریی جیاوازی فێمێنیستیدا دەتوانین ئەم سەرئەنجامە دەربکێشین:

ئەرکەکانی فێمێنیزم

١. ئاییندەبینی و پراگماتیزم
٢. بەرنامەیەکی تەواو تیئۆریانە
٣. داواکارییەکی واقیعی سیاسی ڕۆژانە

کەواتە، هەروەك ماریا و سیسلیا ئاماژەی پێ دەکەن فێمێنیزم ئەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن پیاو لە واقیعی سیاسی و لەو مۆدێلە بیرانەی کە تیئۆری سیاسی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم واقیعە بەکاریان دەبات کراوە بە نۆرم. لەم جیهانەی ئێستادا کە برەوی هەیە:
- پیاو نۆرمە
- هەموو شتێکی دیکە ژنانەیە

جۆرەکانی فێمێنیزم
من لەسەرەوە باسم کرد کە فێمێنیزم چەمکێکی هۆمۆژن نییە و ڕێبازی جودای تێدایە. ڕێبازەکان بەئەژماردن و هەر یەکەی بە شێوەیەك گوزارە لە دۆخی ئافرەتان دەکات. هەر لە هەڵاواردنی جنسییەوە تا مەسەلەت ڕەگەزپەرستیی، جیاوازیی چینایەتیی و کولتوریی و هتد باس دەکرێن، دەتوێژرێنەوە و دەخرێنە ژێرپرسیار و ڕەخنەیان لێ دەگیرێت. من ژمارەی جۆری فێمێنیزم ڕەنگە هێندەی ژمارەی فێمێنیستەکان بێت. لێرەدا من تەنها چەند

---

[9] Women Claim islam, Miriam Cooke 2001 by Routledge. S x

[10] ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت ل ٢٠

[11] Feminisms, Oxford University Press 1997, Edited by Sandra Kemp and Judith Squires, (Bell Hooks) p. 22.

دانەیەك وەك نموونە دەهێنمەوە و بە کورتیی لێیان دەدوێم. کاتێکیش دەیاننووسم بەڕیزی بچووك بۆ گەورە یان کەمتر گرینگ و زۆرتر گرینگ نییە، چونکە نامەوێت مانایەکی سیاسیی بە یەکێك یان دووانیان بدەم.

١. ئامازۆن فێمێنیزم: جۆرێك لە فێمێنیزمە کە باس لە ژنانی لە ڕووی فیزیاییەوە بەهێز دەکات (بۆ نموونە فیلمی زنجیرەیی زینا). بیرەکە پێی وایە ژنان دەبێت بە هەموو شێوەیەك خۆیان لە ڕووی فیزیکیەوە بەهێز بکەن تا بتوانن بەرەو ڕووی پیاو بووەستنەوە.[12]

٢. ئەنارشی فێمێنیزم: (سەرەتای ١٩٧٠ بڵاوبووەوە) بیری ئەنارشیستی بناخەیە. دژدەوڵەت و دژپیاوسالاریی. لابردنی دەوڵەت نەك گۆڕینی، نا بۆ ڕێکخراو و پارتی سیاسیی، بەڵێ بۆ مرۆڤ. دروشمی "دەستەلات بۆ هیچ کەس و بۆ هەموو کەسێك".

٣. بیمبۆ فێمێنیزم: گاڵتە بەو ئافرەتە هۆزان و هونەرمەندانە دەکات کە خۆیان دەخەنە ناو جیهانی پیاو و بەردەست پیاو.

٤. چیکانا فێمێنیزم: سەرنج دەخاتە سەر ئافرەتانی بە ڕەگەز مەکسیکی کە لە ئەمەریکا دەژین. (سێکسیزم، ڕاسیزم، هەژاریی، هۆمۆفۆبیی و شتی دیکە). ئەمان مەبەستیان ئەوەیە کە ئافرەتانی لاتینئەمەریکای بە حوکمی دۆخی ژیانیان کە بناخەکەی پەناهێندەییە کێشەی سیاسیی و کۆمەلایەتی و ئابووری لە ئافرەتانی دیکەی ئەمەریکا زیاترە.

٥. سێکس پۆزەتیڤ فێمێنیست، سێکس لیبراڵ، سێکس رادیکال فێمێنیزم (مەسەلەی جنس و پۆرنۆگرافیی بە پۆزەتیڤ دادەنێت) بیرەکە پێی وایە کە ژنان لەڕێگای جۆرەکانی پۆرنۆگرافییەوە ئەزموونێك پەیدا دەکات کە لە درێژخایاندا بەهێزی دەکات و دەتوانێت وەك ناسنامە بەرانبەر پیاو سوودی لێوەربگرێت.

٦. سیبەر/ سایبەر فێمێنیزم: سەرنج دەخاتە سەر فێربوونی تەکنیك، فەلسەفە و زانست بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لە دەست و لە جیهانی پیاو ڕزگار بکات. (ناوەڕاستی ٨٠-کان)

٧. ئێتیسك یان ئەڵتەرناتیڤ فێمێنیزم (کۆمەڵەی ئافرەتانی پارتی کریستدیموکراتەکانی سوێد، وەك پرۆژەیەکی برژوایی دژ/ بەرانبەر پرۆژە چەپ و سۆشیالیستیەکان هێنراوەتە ئاراوە. بنەمای ئەم جۆرە فێمێنیزمە بناخە بیریەکانی کریستیانیزم و هیومانیزمی خۆرئاواییە. ئەمان لەگەڵ ئەوەدان کە بایۆلۆژی (جیاوازیی) دەوری خۆی دەگێڕێت. دەبێت هەل لەسەر بناخەی جیاوازیەکان بۆ پیاوان و ئافرەتان بڕەخسێنرێت. (بەراوورد لەگەڵ جیاوازیخوازەکان و لیبرالەکان)

٨. فێمێنیزمی ئیندیڤئدیئالیستیی (تاکەکەسگەریی) جۆریکە لە نیولیبرالیزم کە بەلایەوە گرنگە ئافرەتان و پیاوان هەمان مافی یاساییان هەبێت، بەڵام دەوڵەت هەرگیز نابێت بە قازانجی ئافرەتان دەست وەربداتە مەسەلەکەوە، وەك شێوازی جیاواز لەگەڵدا مامەڵەکردنی ئەرێنی کە بە ئینگلیزیی دەگوترێت Affirmative Action.

---

[12] http:/7www.whoosh.org/issue13/nelson.html

٩. لێسبیست فێمێنیزم، هاوجنسبازیی (بۆ ژنان) یان Queer، دژ بە نۆرمی هێترۆسیکسیوالێتیە. جۆری زۆرە و هەریەکەی بە شیوەیەك باسی خۆی دەکات، بەڵام کرۆکی بیرەکە دژایەتیکردنی نۆرمی هێترۆسێکسوالێتیە. ئەزموون و ناسنامەی لێسبیستی لە هەندێکیاندا ناوەندە. دژایەتیەکی زۆر هەیە لە نێوان فێمێنیستی هێترۆسێکیسوال و لێسبیستدا.

١٠. لیبرال فێمێنیزم. جەخت لەسەر تاکەکەسێتیی (تاکەکەسی بێجنس)، ئازادی هەڵبژاردن، خاوەندارێتی تایبەتی و هاویاسایی بۆ ئافرەتان و پیاوان دەکات. نیولیبرالیستەکان دەڵێن کە دەوڵەت تەنیا لە مەسەلەی هاویاساییدا دەبێت بۆی هەبێت دەست بخاتە ناێو کاروباری ئافرەتانەوە. لێرەدا زۆر کەس ستروکتور وەك کێشە و ئاستنەگ دەبین.
ماری وۆڵستۆن کرافت (١٧٥٩- ١٧٩٧) یەکەمین پەیانۆرەکانی لیبرالیزمە.
جان ستیوارت میل بە باوکی لیبرالیزم دادەنرێت و نابەرابەریی جنسەکان وەك ئاستنەنگێکی گەورە دادەنێت لەبەردەم "پێشەوەچوونی مرۆڤایەتی" دا.
زۆر کەس هەن پێیان وایە لیبرال فێمێنیزم ڕێژەی تێکرایی بزووتنەوەی فێمێنیزمە لە ئاستی نێونەتەوەییدا.

١١. فێمێنیزمی لێکچوویی (یەکسانیخواز) بیرەکە پێی وایە کە ئافرەتان و پیاوان زیاتر لە یەك دەچن وەك لەوەی جیاواز بن. ئەو گرفتەی هەیە بە پلەی یەکەم کردەی ساختاری کۆمەڵایەتیە، واتە بایۆلۆژی و جیاوازیە بایۆلۆژیەکان نییە کە دروستی کردوون، بەڵکو کۆمەڵگا و پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکانە کە دروستی دەکەن. هەموو جۆرەکانی لیبرال فێمێنیزم، سۆشیالیست فێمێنیزم، سایبەر فێمێنیزم، ئەنارشی فێمێنیزم، فێمێنیزمی ئیندیڤئدیئالیستیی سەر بەم بیرەن. بەڵام بەگشتی لە بیری لیبرالیزمەوە سەرچاوە دەگرن.
ئەم جۆرە فێمێنیزمە دەڵێت کە کۆمەڵگایەکی ئازادکراو لە نایەکسانیی دەبێت پێداویستیانە بێ هیچ ئەملاولایەك جنسێلایەن بێت. لە کۆمەڵگای یەکساندا نابیت جنس هیچ مانایەکی هەبێت. "مرۆڤ وەک ئافرەت لە دایک نابێت، بەڵکو دەکردرێت بە ئافرەت"[13] قسەیەکی بەنێوبانگی سیمۆن دی بوڤوایە Simone de Beauvoir.
ڕەخنەگران لەم بیرە دەڵێن کە خەوشی جەخت کردن لەسەر لێکچوویەکان وا دەکات کە جیاوازیە گرینگە بایۆلۆژی و سایکۆلۆژیەکان پشتگوێ بخرێن.
بیریارە جیوازیخوازەکان دەڵێن ئەو بیرە لەسەر چەمکێکی تاکەکەسگری ئەبستراکت دامەزراوە کە ئەگەر جوان سەرنج بدرێت پیاو ناوەند و نۆرمە تێیدا. خڕکردنەوە و بەشداریی لەسەر بناخەی گشتێتیی واتە دامەزراندنی شێوەیەك لە بچووکترین کۆلکەی هاوبەشی مرۆڤایەتی، واتە ئەوی تایبەت و کەسییە دەردەهاوێژرێت.
هەرگیز نابێت ڕێگا بدرێت کە مرۆڤایەتی بکرێت بە یەك دانە جنسی (هاوجنسی) گەردوونیی. یەکسانیی نابێت بەو مانایە بێت کە ئافرەت بترنجێنرێتە ناو چەمکێکی تاکەکەسی گوایە جنس بێلایەنەوە. یەکسانیی ڕەسەن دەبێت لەسەر ئەوە بنیات بنرێت کە ددان بە جیاوازیی نێوان خەڵکاندا بنرێت، نەك لە سەر سەرکوتکردن و پشتگوێخستنیان.

[13] Det andra könet, Simone de Beauvoir Norstedts Förlag, Stockholm, Smedjebacken 2002. s 13

١٢. فێمێنیزمی دایکایەتی (منداڵداندارییی) کە جەخت لەسەر جیاوازیە سەرەکیە بایۆلۆژیەکان دەکات وەك، دایکایەتی، سکپڕیی، سۆزوهەستی دایکایەتی و هتد. ئەمان بەها نەریتیە ئافرەتیەکان بەرز ڕادەگرن کە دایکان و ئافرەتان هەیانە. ئەمان بە تایبەتی دژ بە فێمێنیزمی لێکچوویی دەدوێن و مەبەستیان ئەوەیە کە باسکردنی زۆری لێکچوویێتی بە نێگەتیڤ کاردەکاتە سەر کۆمەڵگا.
کاتێك ژنان لە پێوەندیە بایۆلۆژیە نێزیکەکانی خۆیان دور بکەونەوە ناتوانن بە دروستیی پێناسەی گیروگرفتە سیاسیە ئابووریە کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بکەن.
ڕەخنەگران دەڵێن ئەم بیرە نازانستی و کۆنەپەرستانەیە و ناتوانێت ئافرەتان ڕزگار بکات. ئەمان خۆیان دەڵێن ئەوە ڕەخنەگرانن کە نازانستین و لە باسی دروستی جیاوازیە زگماکیە بایۆلۆژیەکان دەترسن.

١٣. فێمێنیزمی مارکسیستی پێی وایە کە ڕەگی باڵزاڵێتی پیاوان لە جیاوازی چینایەتیدایە. خەباتی چینایەتی مایەی ڕزگاربوونی ئافرەتانە. واتە تا سیستەمی سەرمایەداریی بەرقەرار بێت ئافرەتان ناتوانن ئازاد ببن. خەباتێکی ئافرەتان لە ڕاستییدا لە دەرەوەی خەباتی چینایەتی پێویست ناکات.
ڕەخنە لەم بیرە ئەوەیە کە تەنیا سەرنج دەخرێتە سەر کاری دەرەوە لە پێناسەی چینایەتیی ئافرەتاندا و هیچ قسەیەك لەسەر کاری ماڵەوەی ئافرەتان لە گۆڕێدا نییە.
پاشان جیاوازی چینایەتی نێوان ئافرەتان خۆیان پەنهان دەکرێت. باس لەو بازاڕی کارەش ناکرێت کە ئافرەتان لەبەر جنسەکەیان مووچەکەیان نزمە
بەگشتی فێمێنیستەکان ڕەخنە لە هەردوو بیری ماکسیزم و لیبرالیزم دەگرن کە لە یەکەمیاندا کار و لە دووهەمیاندا تاکەکەس ناوەندە.
هایدی هارتمان، بۆ نموونە، هاوسەرێتی فێمێنیزم و مارکسیزم بە هاوسەرێتی ژن و پیاو دەچێت لە یاسای سڤیلی ئینگلیزیدا.... یا دەبێت هاوسەرێتیەکی دروستتر پێك بهێنین یان دەبێت جیابینەوە. هەڵبەت جۆرێك فێمێنیزمی مەتریالیستیش هەیە کە لەبەر گەلێك هۆ خۆی بە جودا دادەنێت لەگەڵ فێمێنیستی مارکسیستدا.

١٤. ڕادیکال فێمێنیزم (١٩٦٠ ئەمەریکا) مەبەستی ئەوەیە کە زەبر یان چەوساندنەوەی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە دایکی چەوساندنەوەکانە (پیاوسالاریی)، هەموو شێوەکانی دیکەی چەوساندنەوە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئەم دژایەتی هەموو جۆرەکانی دەستەڵات کە لەسەر بناخەی جنس، ڕەگەز، چین و هیتد دامەزرابێت ڕەت دەکاتەوە. هاوسەرێتی، خێزان، پۆرنۆگرافی، لەشفرۆشیی، ئایین و شتی دیکەی لەم بابەتە بە دامەزراوەی پیاوان دەبینرێت کە کاری هەرە یەکەمینیان بەهێزکردنی دۆخ و پلەی پیاوە دژ بە ژنان.
ڕێکخراوی The Feminists (١٩٦٨) لە ئەمەریکا هێندە زێدەڕۆیی دەکات کە بە ئەندامانی خۆی دەڵێت سێکس لەگەڵ جنسی بەرابەردا نەکەن. ڕێکخراوی ROKS لە سوێد هێندە پەڕگیرە کە ساڵی ٢٠٠٥ گرفتی زۆر گەورەی لە ناو فێمێنیستاندا دروست کرد. هەندێك لە ئەندامانی سەرەوەی ئەم ڕێکخراوە پێیان وایە پیاو هەر بە سرووشت بەدە و چاکبوونەوەی نییە و قسەگەلێك دەکەن کە لێرەدا پێویست بە گوتنەوەی ناکات.
رادیکالفێمێنیستەکان بە کورتیی دەڵێن کە:

- کەشی خێزان مۆرکی زەبروزەنگی جنسیی هەڵگرتووە
- ناکرێت زەبروزەنگی جنسی وەك جودا و نائاسایی ببینرێت
- سێکسوالێتی پیاوان بە دەستەڵات، باڵادەستی و کۆنترۆڵەوە بەستراوە، هی ئافرەتان تەواو بە پێچەوانەوە

١٥. فێمێنیزمی سۆسیالیستیی: جیاوازیی لەگەڵ فێمێنیزمی مارکسیستدا ئەوەیە کە ئەم پێی وایە بێ لە جیاوازیی چینایەتیی فاکتەری دیکەش دەوریان هەیە لە چەوساندنەوەی ئافرەتاندا. لێرەدا سەیری سەرمایەداریی و پیاوسالاریی وەکو دوو سیستەمی جودا لەیەك دەکرێت کە هاوکات یەکتر تەواو دەکەن. بەو مانایەی کە هەم خەباتی چینایەتی پێویستە و هەم خەباتی فێمینیستیی. کۆنفرانسی ژنانەی سۆشیالیستیی لە ساڵی ١٩١٠ لە کۆپنهاگ گیرا و کردرا بە ڕۆژی جیهانیی ژن، بە دروشمی "مافی دەنگدان بۆ ژنان هێزمان لە خەباتی سۆسیالیستییدا یەك دەخات". کلارا زێتکین (١٨٥٧-١٩٣٣) یەکێك بوو لەو ژنانەنەی کە لەوێدا زۆر چالاك بوو.

پاش ساڵانی ١٩٧٠ نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ڕۆژەی (٨ مارس) کرد بە ڕۆژی ژنان، وەك ڕۆژێکی ناسیاسیی نێونەتەوەیی. هەندێك فێمێنیستی سۆشیالیست هەن کە زۆریان پێ ناخۆشە و دەیانەوێت ئەو ڕۆژە بۆ ژنان بگەڕێتەوە.

- ئافرەتان کەمتر لە سیاسەتدا دیارن و زۆر لە کەم مووچەییدا
- ئافرەتان چۆن بتوانن لە ژیانی سیاسەتدا بەشدار بن بە هەمان هەلومەرج کە پیاوان هەیانە لە کاتێکدا کە نە خاوەنی لەشی خۆیانن و نەژیانی خۆیشیان؟
- دەرککردنی ئەوەی کە چی لە ژووری نووستندا ڕوو دەدات، کێ پارەکەی لەژێر دەستدایە و کێ منداڵ دەبات بۆ باخچەی ساوایان و دەشیان هێنێتەوە، ئەمانە هەموو فاکتەری دەستەڵاتن.
- پرۆژەی "ئەوی کەسییە سیاسیشە" دەبێت لە پراکتیکدا پیادە بکرێت.

باربارا ئێهرێنرایخ لەسەر ئەم جۆرە فێمێنیستە شۆخی دەکات و دەڵێت "سۆشیالیست فێمێنیست فێمێنیستێکە کە دوو جار زیاتر دەچێت بۆ کۆبوونەوە".

١٦. ومانیزم (ژنانی ڕەشپێست، ساڵانی ١٩٧٠) چەمکی ومانیزم Womanism لەلای ئالیس والکەر داهێنرا کە نووسەری کتێبە بەنێوبانگەکەی "ڕەنگی پەمەیی The Colour of Purple ". ستیڤین سپیلبەرگ ئەم چیرۆکەی کردووە بە فیلم.

١٧. فێمێنیزمی جوداخوازیی (ئیسینسیالیزم) پێی وایە کە ژنان و پیاوان هەر بە سرووشت جیاوازن. جیاوزیەکانیان زۆر زیاترن لە لێکچوویەتیەکانیان. دژ بە فێمێنیزمی لێکچوویيخوازیی دەدوێن.

١٨. فێمێنیزمی بیریارانی دەوڵەتیی کە دەڵێن:

- دەوڵەت ئەو یارمەتیەی لایە کە ئافرەتان پێویستیانە و دەیانەوێت بۆ شکاندنی فەزا تایبەتیەکە
- نموونەی دەوڵەتانی سکەندناڤیا، گەشەکردنی کەرتی دەوڵەتیی واتا گەشەکردنی ئافرەتان، لە ڕووی ئابووریەوە خۆ لە پیاو ڕزگار کردن
- دەوڵەت ئەو میکانیزمانە فەراهەم دەکات کە دەتوانن زەمینە بۆ ئازادی ژنان خۆش بکەن (کار، باخچەی ساوایان، خوێندنگا، سیگورتەی دایکوباوکێتی)
- ڕیفۆرمی دژ بە زەبروزەنگی پیاوان

واتا، دەوڵەتی ئافرەتپەروەر، هاوپەیمانێتی ئافرەتان و دەوڵەت، هاوکۆنتراکت،
ڕەخنەگران دەڵێن:

- ئایا دەوڵەت ڕزگارکارە یان هەر خۆی هەڕەشەیەکە لە پرسی ئافرەتان؟
- ئافرەت لە دەستی پیاو دەردەهێنرێت بەڵام دەکەوێتە داوی دەوڵەتەوە
- هەرچەندە ئافرەتان کار دەکەن بەڵام هەر پیاوانن کە هێشتا بڕیار دەدەن و بەو شێوەیە نفوزی سیاسیی جیددیان لێ دەستێندرێتەوە

- ڕێگا بە ئافرەتان نادرێت سەربەخۆییانە لە سیاسەتدا بەشدار بن
ڕەخنەگرانی دیکە وەك درود داهلروپ، پێی وایە کە دەبێت لە جێی خۆیدا سەیری پێوەندی نێوان ئافرەتان و دەوڵەت بکرێت، تەنانەت لە توێژینەوەی ڕیفۆرمی تاکیشدا زەحمەتە بگوترێت کە چی لە ڕاستیدا ئازادکار یان چەوسێنەرە، فێمێنیستەکان بە شێوەی جودا لەمە دەڕوانن.
فێمۆکراتەکان، واتا بیرۆکراتی فێمێنیستیی، مەبەستیان ئەوەیە کە بوونی ئافرەتی ڕادیکال و تێگەیشتوو لەستروکتوری دامەزراوە جوداکاندا و لە شوێنی ستراتیژییدا دەتوانن دەوری باشیان هەبێت.
ڕەخنەی تیئۆریسانی ڕادیکال لەم بیرە ئەوەیە کە ئافرەتان هەرگیز ناتوانن هەنگاوێکی وا گەورە بنێن، چونکە دەوڵەت بەر لە هەر شتێك ئامێرێکە لە دەستی پیاواندا، ئەسڵەن دەوڵەت لە مانای فێمێنیستدا نێرە.

١٩. فێمێنیزمی پۆستمۆدێرنیست
<u>هەموو شێوە ناسنامەکانی ئێستا دەبێت بخرێنە ژێرپرسیارەوە و هەڵبووەشرێنەوە.</u> هیچ ناسنامەیەك، جا پیاوبوون، ئافرەتبوون، ڕەشپیستبوون، سپیپێستبوون، پاسکیلسوار یان ئۆتۆمبیلسوار، پێشوەخت نەکەوتووەتە چنگمان. هەموو ناسنامەیەك بە بەردەوامیی لە گۆڕاندایە. هەموو ناسنامەیەك هەر بە سرووشت ناگوتاریە، واتا زمانیانە و کۆمەڵایەتیانە بڕیاری لەسەر دراوە و ئەو چارەنووسەی پێدراوە کە ئێستا هەیەتی. ئەوانە دەربڕینە زمانی و کۆمەڵایەتیەکانن کە ئافرەت دەکەن بە "ئافرەت". ناسنامە لە خودی دەربڕینەکانی خۆی پێك دێت.
- خودی دابەشکردنی مرۆڤ بەسەر ئافرەتان و پیاواندا شیوەیەکی دەستەڵات سەپێنە.

جودیت بەتلەر دەڵێت کە پۆلێنکردنی ئافرەتان و بە گرووپکردنیان دەبێتە مایەی چەوساندنەوەی ئافرەتان وەك لە ئازادکردنیان. هەر لەبەر ئەوەیە فێمێنیزم دووچاری خۆدژگۆیی و ناکۆکی دەبێت. فێمێنیزم دەبێت ئەو ستروکتورانە بخاتە ژێر پرسیارەوە و ڕەخنەیان لێ بگرێت کە ئافرەت دەکەن بە ئافرەت.
ڕەخنە لە بیریارانی پۆستمۆدێرن زۆرن. بۆ نموونە فێمێنیزم چۆن دەتوانێت تێبگات و ئەو هەلومەرجانە بگۆڕێت کە ئافرەتان بندەست دەهێڵێتەوە ئەگەر چەمکێك و پێناسەیەك نەبێت بۆ ئەو دۆخانە.
ئەگەر ئێمە پێناسەمان بۆ ژنی سکپڕ، بۆ نموونە نەبێت، چۆن دەتوانین داوای مافی منداڵ لەباربردن، هەبوونی باخچە بۆ ساوایان و مووچەی هاوەرج بکەین؟
جنس هەمیشە هەر دەبێت و ڕەنگە هەمیشەش هەر مانایەك بدات ئەگەرچی ئەم مانایە بە بەردەوامی دەگۆڕێت. جنس لەبەر خۆ داناکەندرێت و لە بیر خۆ نابرێتەوە.

٢٠. فێمێنیزمی تێولۆگی: ئەو فێمێنیستانەی بە پلەی یەکەم لە ئایین دەڕوانن و ڕەخنە لە ڕووانگەی پیاوسالارانە دەگرن لە ئینجیلدا: پرسیاری کێ ئەمەی نووسیووە؟ بۆ کێ نووسراوە؟ و بۆچی نووسراوە؟ دەکەن.
چۆن ژنان بتوانن کڵێسایەکی ئازادی خۆیان دروست بکەن.
ڕەخنەگران ئەم جۆرە فێمێنیستانە بە گەوج دادەنێن کە پێیان وایە لە ئینجیلدا دەتوانن ئازادی خۆیان بدۆزنەوە.

گرووپی تیۆلۆگی تر کە خۆیان مەسیحین پێیان وایە ئەم ژنانە هەر زۆر بێدەربەستانە لەگەڵ تێکستەکانی ئینجیلدا مامەڵە دەکەن.

٢١. فێمێنیستی ئیسلامیی: پێی وایە ئیسلام دەتوانێت ڕزگارکار بێت. هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی تێکستە قوریانی و حەدیسیەکان بێ ئەوەی خودی قورئان یان حەدیس و ئیسلام بخرێنە ژێر پرسیار.

٢٢. فێمێنیزمی حیزبی: نێزیکەی هەموو ڕێکخراو و پارتێکی سیاسیی کۆمەڵەیەك یان جۆرێك لە ڕێکخراوی ئافرەتانی هەیە کە لەسەر بناخەی ئایدیۆلۆژی خۆی پێی وایە باشترین ڕەچەتەی بۆ ڕزگارکردنی ئافرەت پێیە و بەو جۆرە بانگەشە بۆ خۆی دەکات. هەموو ڕێکخراوێکی لەو چەشنەی ئافرەتان پێنج جۆر خەتی بیریی تێدایە. یەکێکیان لە پارتەکەدا بەری هەرە چەپ دەگرێت، ئەوی تر بەری هەرە ڕاست دەگرێت، سێهەم وەفادارە بە پێرەوی حیزب بەو شێوە نووسراوەی کە هەیە، چوارهەم وەفادارە بە خەتی دەسەتەلاتی سیاسیی پیاوان و پێنجهەم میانڕۆیی دەکات لە نێوان ئەو چوارەدا. هەموو حیزبێك بە شێوەی جیاواز لە کاتی جیاوازدا سوود لە هەموو ئەم شێوانەی ڕیکخراوی ئافرەتانی خۆی دەبینێت.

بەو شێوەیە دەبینین کە جۆرەکانی فێمێنیزم بە توندی دژ بە یەك و بەرانبەر بە یەك دەوەستن، یەکتر دەخەنە ژێرپرسیار و ڕەخنە لە یەك دەگرن. سەبارەت بە ئامانجەکەیان کە ڕزگارکردنی ئافرەتانە هیچ کێشەیەکیان نییە. کێشە سەرەکیەکە لەسەر میتۆد، تاکتیك و ستراتیژە. ئافرەتان دەبێت ئازاد بکرێن، بەڵام چۆن؟



بیری پیاوسالاریی بناخەیەکی میتافیزیکی هەیە. ئەم بینینە بە هاسانی لە مێژووی بیری خۆرئاواییدا دیارە. بەڵام بەو مانایە نایەت کە قووتابخانەی مەتریالیستیی توانیبێتی وەڵامی هەموو پرسیارێك سەبارەت بە فێمێنیزم بداتەوە یان ئافرەتان بەرەو ڕزگاریی بەرێت. لێرەدا بە کورتیی ئەمە ڕوون دەکەمەوە. ئەوی کە سەرچاوەکەی دیاری نەکەم دەگەڕێتەوە بۆ کتێبی "ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت".

مێژووی خۆرئاوایی
دوو شێوەی تەواو لێکجودا بۆ لەشبینی و جنسبینی

١. مۆدێلی یەکجنسیی — ٢. مۆدێلی دووجنسیی

مۆدێلی یەکجنسیی بەو واتایە دێت کە لە وجوددا تەنیا یەک دانە جنس هەیە ـ جنسی پیاو. ئافرەت لێرەدا سەر بە جنسێکی تایبەت بە خۆی نییە. جنسی ئافرەت تەنیا زڕکۆپیەکی جنسی پیاوە و لەشیشی زڕکۆپیەکی لەشی پیاوە. ئەم جۆرە لەشبینیە لە دەمی ئەنتیکدا برەودار بوو تا لە ناو سەدەی هەژدەهەمدا جێی بە مۆدێلی دووجنسیی لێژ بوو.

مۆدێلی دووجنسیی تێڕوانینە مۆدێرنەکەیە لە لەش کە جیاوازیی جنسیی، واتە هەبوونی دوو جنس، بە شتێکی حاشاهەڵنەگر دادەنێت. ئافرەتان و پیاوان دوو جەمسەری دژ بەیەک، واتە دوولایەنی بەروئاوەژووەکەن (دایکاتەمن) و خودی ئەم پێداگرتنە بەروئاوەژووەش دەگەڕێتەوە بۆ باسە بایۆلۆژیەکە و قامک دەخاتە سەر "سرووشتێکی" نەبزووا و نەگۆڕ.

مۆدێلی یەك جنسیی
ئەریستۆ، ئەفلاتوون، ژان ژاک رۆسۆ، چارلس تایلەر و سیگمۆن فرۆیید نوێنەرانی خاوەنقسەی ئەم مۆدێلەن. بۆ نموونە ژان ژاک رۆسۆ Jacques Rousseau-Jean دەڵێت: "شوێنی ژنان لە ناو دەوڵەتی ڕەوادا دروست ئەوەیە کە لێوەی دووربن. گەر ئافرەتان بۆیان هەبێت لە چالاکیی سیاسیدا بەشداربن لە بەینی دەبەن. هەر خودی هەبوونی ئافرەتان لە دەوڵەتدا دەبێتە مایەی لادان لە هەموو بیرێکی پرنسیپی گشتیی و ئەبستراکتی کە پێویستە لە دەوڵەتدا برەویان هەبێت. بێ لەوەش بەشداربوونی ئافرەتان لە سیاسەتدا دروست دەبێتە هۆی تێکدانی مێینەیی، هاوهەستیی سرووشتی و پەرۆشی ئەوان. بەو شێوەیە ئافرەتان هەم خۆیشیان و هەم کەشە سیاسییەکەش، بەوە دەدۆڕێن کە ئافرەتان بوار بدرێن بەشداری سیاسەت بن"[14].
تێڕوانینێکی سێکسیانەی فرۆید نە هەر لێکدانەوەیەکی بایۆلۆژییانەیە بۆ جنس و جێندەر، بەڵکو هەروەها لێکدانەوەیەکی دەروونیانە و توخمەگەشەشە (ئێڤۆلیسۆن). واتە ئافرەت لەبەر ئەوەی کۆئەندامێکی زاووزێی جودای هەیە لە ئێرەیەکی بەردەوامدا بەرانبەر بە پیاو دەژی. ئەو ئێرەیییە لە هەموو پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا ڕەگی داکووتیوە و ڕەنگ دەداتەوە. لاوازیی ئافرەت بەو جۆرە هەم زگماکییە هەم لە کۆمەڵگادا وەبەرهەم دێتەوە. ئافرەت هەمیشە لە پێوەندی لەگەڵ پیاودا ئەوی لاواز و

[14] ناکۆکیەکانی ناو سیاسەت ل ٢٣

بچووك دەبێت. ئەو لاواز و بچووکیەی ئافرەت خۆیەتی کە بێمەجاز دەستەڵاتی باڵاتر بە پیاو دەدات. پیاو لە خودی دەستەڵاتداریەکەیدا بێگوناهە.




فێمێنیستەکان چەندیش لەسەر پرسی ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی، ڕیفۆرم، تاکتیك و ستراتیژیی و شتی دیکە جیاواز بن، هەمیشە لەسەر ئامانجی خۆیان بە ئاگان کە ڕزگاریی ئافرەتانە و ئەوە وەبیر یەك دەهێننەوە.




لەم فیگەرەدا دەبینرێت کە بیرە جوداکانی ناو چەپ و لیبرالیزم بەشێکی زۆر گەورە لە سێگۆشەی خەباتی فێمێنیزم دەگرنەوە، هاوکات کە کۆنسێرڤاتیزم زۆر بە کەمیی خۆی لەو باسە دەدات. دروشمی زۆربەی جۆرەکانی کۆنسێرڤاتیزم هەمیشە هەر ئەوەیە کە جێگای ئافرەتانماڵ و ماڵداریی و ئاشپەزیی و ڕاگرتنی دڵی مێردە.

سەرچاوەی دیکە کە لە بنتێبینیەکاندا نە نووسراون:

١. http://www.ungsocialisterna.se/content.php?article.30

٢. http://www.massey.ac.nz/~nzsrda/nzssreps/journals/sites/sites24/gunby24.htm

٣. Gantez, Hillevi, Eva Gunnarson och Anita Göranson (1986) Feminism och marxismen. En förälskelse med förhinder. ISBN 91 7014 2144

٤. Laskar, Pia (1992) anarkafeminim ISBN 91-86474-09-x

٥. http://www.fathersforlife.org/feminism/feminism_terms_defined.htm

٦. http://www.dn.se/DN/road/Classic/article/0/jsp?&a=387056

٧. http://www.dulwichcentre.com.au/feminism.html

٨. http://www.historyplace.com/pointsofview/alvare.html

٩. Liberal feminisim, Elkerlids Förlag 2001. Red. Lars Leijonborg

١٠. http://www.socialisten.nu/div/quuerteori_66.sthml